زاهیر عەبدوڵا دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشییەکەی کۆچی هەتایی کرد



ئەمڕۆ شەممە 23ـی تشرینی دووەمی 2024، هونەرمەند و ئەکتەر زاهیر عەبدوڵا دوای ململانێیەکی سەخت لەگەڵ نەخۆشییەکەی، ئەمڕۆ لە تەمەنی 66 ساڵیدا کۆچی دواییکرد.

هونەرمەندی بواری شانۆ و دراما زاهیر عەبدوڵا ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە لە شاری هەولێر کۆچی دواییکرد.

ئێوارەی ئەمڕۆ شەممە هونەرمەندی بواری شانۆ و دراما زاهیر عەبدوڵا کە زیاتر لە 50 ساڵە لە بواری هونەردا کاردەکات بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە لە شاری هەولێر کۆچی دواییکرد.

بافڵ تاڵەبانی دوای کۆچی زاهیر عەبدوڵا پەیامێکی بڵاوکردەوە: ڕەنج و خزمەتی زاهیر عەبدوڵا لە بواری شانۆ و نواندن لەیادناکەین.

بافڵ تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان: بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی زاهیر عەبدوڵا، هونەرمەندی ناسراوی کوردمان پێگەیشت، بۆ ئەم لەدەستدانە گەورەیە پرسە و هاوخەمیی قووڵی خۆمان ئاڕاستەی خێزان و کەسوکارە سەربەرزەکەی، هاوڕێیانی و هونەرمەندانی کوردستان دەکەین و هاوبەشی ئەم خەمە گەورەیەین، لەخوای گەورە داواکارم هونەرمەندی خۆشەویستمان بە بەهەشتی بەرین

شادبکات و سەبووری بە هەموولایەک ببەخشێت.